

مەریوان عومەر فەرەج

# ئەو ڕۆژەم بیر ناچێتەوە کە جلوبەرگمان بۆ کڕیبوون، چاوەڕوانی هاتنەوەیان بووین، بەڵام هەر نەهاتنەوە ...

شوێنی دیمانە –گوندی ئۆمەربل
کات ١٠ی سەرلە بەیانی
ڕێکەوتی ٢٠/١/٢٠١١

ساڵی ١٩٧٥ لە گوندی ئۆمەربل لە دایکبووە، زۆربەی ژیانی وەک گوندنشینەکانی تری ئۆمەربل بە ئاژەڵدارییەوە خەریکبووە، لە ساڵی ١٩٨٧ ماڵیان باریکردووەو چوونەتە گوندی جوامێرئاغا. کاتێک ئەنفال گەیشتە ناوچەکەیان، مەریوان لەگەڵ دایکیو باوکیدا نەبووە، چونکە شوان بووەو ساتانە لە ماڵی مامەی ژیاوە، کە وەزع تێکچووە ئەویش هەوڵیداوە بگەڕێتەوە بۆ لای دایکیو باوکی، تەنها دوو شەو پێکەوە بوون، بەڵام لەگەڵ کوڕی مامەکەی چونەتەوە بۆ لای ئاژەڵو دیسانەوە لەماڵەوە دابڕاون، ئەوانیش ڕۆیشتوون بەرەو صمود بەنیازی دەربازبوون، بەڵام لەسەر شەقامەکە گیراون، کە مامەیو باوکیان بینیوە ڕێنماییان کردوون خۆیان بدزنەوەو بڕۆن بۆ جەوڵەکانی ئەو دەوروبەرە، بەڵام گرفتی مەریوانو حەسەن ئەوە بووە منداڵبوونو نەشارەزاش بوون، ڕۆیشتنو دووبارە گەڕاونەتەوە بۆ لای سوپا ئەنفالچییەکە، ئیتر سەر لەنوێ جەیشو جاش گرتبوییاننەوە، ئەوانیش وەکو سەرداری حاجی قادری تەپەسەوز، ئەو لۆریانەیان بینیوە کە مەڕو ماڵاتیان بە شوانەکانەوە بار کردووەو ئەوانیش لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوون باریان بکەنو سوپا بیانبات بەرەو چارەنوسێکی نادیار، بە ڕێکەوت بووە کە ئەوان بارنەکراون، لەو چاوەڕوانییەدا بوون کە جاشەکانی سەعید حەمە غەریب جاف فریایان کەوتبوو، وتبوویان بەیانی ئێوە ئاخر وەجبە دەبن بارتان دەکەن، هەرچۆنێک بووە بەشەو خۆتان لە جەیشەکە بدزنەوە، ئەگەر نەشتان توانی، ڕانەکە دەربکەن خۆتان بەسەڵتی دەربازببن، من بەیانی خەڵکتان بۆ دەنێرم ڕزگارتان بکات. باشبوو حەسەنو کامەران تەمەنیان لەوان زیاتربووەو تاڕادەیەک شارەزاتر بوون، ئەوان توانیان هاوکاربن ڕانەکانیشمان دەرکردوو ڕۆیشتین بەرەو گوندی عەرەبەکان لەلای ناوچەی سەی حسێن، ئیتر ڕانەکەشمان هەرزانفرۆشکرد .

مەریوان لەو پەلامارە دایکی، باوکی، سێ برا، سێ خوشکو براژنەکەی ئەنفالکران، باوکی بە نــاوی عــومەرو دایکــی بەنــاوی فــاتمە، براکــانی (پیشــتیوان،قارەمان، شــێروانو خوشکەکانیشی سەبری، سەدریو سنەوبەر) براژنەکەشی حەسیبە. خوشکو براکانی هیچیان هاوسەرگیریان نەکردبوو، مەریوانیش بەڕێکەوت دەربازبووە، ئەوەی هەتا ئێستا گریێە لە دڵیدا، هەر ئەو جارە بینی کە لە ملەسوورە لێکدا بڕابوون، ئەوان زانیویانە کە خانەوادەکەیان گیراونو براون بۆ قۆرەتوو، بەڵام هەر ئەو جارە بوو ئیتر نەبینرانەوەو تراژیدیاو مەینەتی دەستی پێکرد، چونکە کەوتنە بەر دلڕەقی ڕۆژگارو لە ماڵی خەڵک دەمانەوە، خەڵکیش بەو مەینەتیو قاتو نارەحەتەوە، مەریوان بە سوپاسەوە باسی ئەو ماڵانە دەکات کە داڵدەیان داونو زەحمەتیان لەگەڵدا کێشاون، هەرچەندە خزمیانبوون، بەڵام ئەو ڕۆژگارانە زۆر سەخت بوون،چونکە خۆشیان خەڵکی لێقەوماو بوون، لەوانە ماڵی میمکی(مینا فەرەج) کە ٥٣ کەسی براو برازای ئەنفال بوو، ماڵی ئامۆزایەکی دایکم بوون، ڕۆستەم فەرەج بەهەمان شێوە لێقەوماوبوون. دوایی بەناچاری دەچێت دەبێت بە شوانی ماڵێک لە کفری. مەریوان ماوەیەکی زۆر هەتا ڕوخانی بەعسیش چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەنفالکراوەکانی کردووە، ئەو چاوەڕوانییە ئەوەندە وەڕسی کردووە، ئێستاش بە ئاشکرا بە ڕوخسارییەوە دیارە، ئەو دەپرسێت: چاوەڕوانی منداڵێکی ١٣ساڵ بۆ گەڕانەوەیان تا تەمەنی ٢٧ ساڵی دەبێت چ کارەساتێک بێت؟! گوتی: چاوەڕوانی هەموو تەمەنی ئێمەی برد. لەو سۆنگەیەوە ناخۆشترین یادەوەری دەگێڕێتەوە کە هەواڵیک هاتووە: سبەینێ کەسوکارتان دێنەوە. ئەوانیش بەو مەینەتیەوە جلوبەرگ بۆ براو خوشکەکانیان دەکڕنو چاوەڕوان دەبن، کاتێک دەچن بۆ پێشوازی هەندێک لە پیرەکانی ئەنفال دێنەوە هیچ کەسێکی ئەوانی تێدا نەبووە. دەڵێت: ناخۆشترین ڕۆژ بووە لە ژیانمدا. تەنانەت دادگایی کردنو سزادانی تاوانبارانی ئەنفالیش کە بەلای مەریوانەوە زۆر خۆشبووە نەیتوانیوە ئازاری ئەو چاوەڕوانییە کەم بکاتەوە. مەریوان ساڵی ١٩٩١ دەگەڕێتەوە بۆ ئۆمەربل لە ئەوێ هاوسەرگیری کردووەو ئێستاش لە ئەوێ دەژی. ئاواتەخوازە یاسا سەروەر بێتو ئەوانەی دەستیان لە تاوانی ئەنفالدایە، بە جاشە سوکەکانیشەوە دادگایی بکرێنو سزای خۆیان وەربگرن.